# قوتابێتی - 2

## وانەی چواردەهەم

## نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## بەشداریکردن

### ئنجیلی یۆحەنا

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەڕاوی خەڵوەتی ڕوحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە ڕوحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو بڕگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (مەتتا1: 1 - 7: 29) لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربووان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

## مەسیح 2کۆرنسۆس5: 17

## دەرخکردن

## ئـا ڕامان

| ئایەتی دەرخکردن لەسەر پەڕاوێك بەم شێوەیە بنووسەوە. | مەسیح (2کۆرنسۆس5: 17)<br>*﴿کەواتە ئەگەر یەکێك لە مەسیحدا بێت، بەدیهێنراوێکی نوێیە، شتە کۆنەکان بەسەرچوون، ئەوەتا بوونە نوێ﴾*. (2کۆرنسۆس5: 17) | نیشانەی کتێبی لەپشت پەڕاوەکە بنووسەوە |
|---|---|---|

**1** پەیوەندی پۆڵسی نێردراو لەگەڵ عیسای مەسیح چۆن گۆڕا؟

پۆڵسی نێردراو پێش ئەوەی ڕووبەڕووی عیسای مەسیح ببێتەوە کەسێکی تورە و توندڕەو بوو. ناسینی ئەو بە عیسای مەسیح تەنها ناسینەوەیەکی مرۆیی بوو (بەپێی جەستە)، واتا لە بۆچوونی جیهانەوە (دەروانییە عیسای مەسیح) (16) یان بە پێی پێوانەکانی جیهان. بەداخێکی گرانیشەوە جیهان بەپێی دیمەنی دەرەکی فەرمانڕەوایی لەسەر مرۆڤ دەدات نەك بەپێی کەسێتی ڕاستەقینەیان و خاوێنی دڵیان. جا لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح دارتاش بوو، قایل نەبوون ببێتە مامۆستایان. هەروەها لەبەر ئەوەی لە قوتابخانەیێکی ئایینی جوولەکە فێر نەبوو، داناییەکیان ڕەتکردەوە. لەبەر ئەوەش کە هاوڕێی باجگر و گوناهکاران بوو، بە گوناهکار ناویان دەهێنا. بۆیە عیسای مەسیح بە فریسییەکانی وت: *﴿بەڵام ئێوە نازانن لە کوێوە هاتووم یان بۆ کوێ دەڕۆم. ئێوە بەپێی جەستە حوکم دەدەن، من کەس حوکم نادەم﴾* (یۆحەننا8: 14-15) بەڵام پۆڵسی نێردراو لە کاتی باوەڕهێنانی ڕووبەڕووی عیسای مەسیح بووەوە (کردار26: 12-18). لەو کاتەوە، پۆڵسی نێردراو بەو شێوەیە تەماشای عیسای مەسیحی نەکرد وەکو پێشتر تەماشای دەکرد.

**2** واتای چی دەگەیەنێت ((لە مەسیح بیت))؟

لە تێڕوانینی خوداوە، مرۆڤ بۆ دوو چین دابەش دەبێت. یان ئەوەیە (لە مەسیحدا بن)، یانیش (لە جیهان). پرسیارە گرنگەکەیش لێرەدا ئەوەیە: (ئایا تۆ لە مەسیحدای؟) بە شێوەیەکیتر: (ئایا دووبارە لەدایك بوویتە؟) (ئایا ڕوحی پیرۆز لە ناختدا نیشتەجێ بووە؟) (2کۆرینسۆس13: 5) (ئایا تۆ دروستکراوێکی نوێی؟) ئایا شتە کۆنەکان بەسەر چوون؟ (ئایا هەموو شتێك نوێ بوونەوە؟).ئەمەیە کە (2کۆرنسۆس5: 17) باسی دەکات!

ئەو شێوازەی کە بە هۆیەوە دەتوانی (لە مەسیحدا بیت) ئەوەیە کە باوەڕ بە عیسای مەسیح و مردن و هەستانەوەکەی بێنیت کە لە پێناوی تۆدا بوو. بە هۆی باوەڕهێنان بە مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەکەی، مرۆڤ دەتوانێت یەکگرتوو بێت لەگەڵی. بۆیە، کاتێك کە مرۆڤ باوەڕ بە عیسای مەسیح دێنێت (لە مەسیحدا دەبێت).

ڕستەی (لەمەسیح) کورتترین ناوەزند کردنە بۆ ڕزگارکاری مەسیحی. ئەمە ڕستەیەکی کورتە کە دەوڵەمەندی ڕزگارکاری مەسیحی پیشان دەدات کە سەرجەم فەرهەنگەکانی زمان توانای گوزارشتکردنیان لەسەر نییە. عیسای مەسیح و ئەوەی لە پێناوتدا ئەنجامی دا ئەوە دیاری دەکەن کە چۆن دەبیت.

بۆ نموونە، کاتێك کە عیسای مەسیح مرد، ژیانی پێت بەخشی. هەروەها کاتێك کە گوناهەکانی تۆی لەئەستۆی خۆی گرت، گوناهەکانت نەمان و بێتاوانیت ڕاگەیەندرا، هەتاهەتایە سەرکۆنە ناکرێیت. کاتێکیش عیسای مەسیح لە نێو مردووان هەستایەوە، ڕوحی تۆ هەستایەوە و سەرلەنوێ لەدایك بووی، جەستەشت لە مردن هەڵدەستێتەوە لە کاتی دووبارە هاتنەوەی عیسای مەسیح.

لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح تاقە کەسە کە خودا پێی شاد بوو، خودای باوەکیش ئێستا پێت شاد دەبێت.

لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح شەیتانی بەستەوە، دەتوانی ڕووبەڕووی شەیتان ببیتەوە لە کاتێکدا کە عیسای مەسیح خەڵکی لە پادشایەتی تاریکی بۆ پادشایەتی ڕووناك دەگوازێتەوە. لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح خۆی ڕاستییە، ئێستا تۆ ڕاستیی دەربارەی خۆت و جیهان و ئایندە و خودا دەزانیت.

لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح تاقە میراتگرە، ئەوە لەگەڵیدا بەشداری دەبیت لە میراتی ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ. لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح پادشای پادشایەتی خودایە، ئەوە تۆیش لەگەڵیدا فەرمانڕەوایی دەکەیت.

بەم شێوەیە، هەموو کەسێك لەم جیهانەدا ئەگەر بیەوێت دەتوانێت (لە مەسیحدا) بێت. هەموو ئەوەی لەسەرێتی تەنها باوەڕ بە عیسای مەسیح بێنێت و دڵ و ژیانی ڕادەستی بکات. بۆیە، باوەڕبهێنە بەوەی کە مرد تاکو لە گوناهەکانت خۆش بێت،

**3** ئەو شتە کۆنانە چین کە نەمان؟

بەدیهێنراوی نوێ ئەوە دەگەیەنێت کە (شتە کۆنەکان نەمان). لە زمانی یۆنانی ئەم ڕستەیە بە شێوازی ڕابردووی ئاسان دەوترێت تاکو گوزارشت بکات لەسەر ئەوەی کە شتە کۆنەکان لە کاتێکی دیاریکراودا نەمان کە ئەویش کاتی تاقیکردنەوەی لەدایکبوونی نوێیە. ئەو شتە کۆنانەش کە نەمان بریتین لە جیاوازی کۆنەکان و فەرمانە کۆنەکان و بیرۆکە هەڵەکان و کۆیلەیی هەندێك دابونەریتی پێش دووبارە لەدایکبوونی مرۆڤ. عیسای مەسیح لەجیاتی گوناهەکانی هەموو باوەڕدارێك مرد. (1پەترۆس2: 24). بۆیە، هەر باوەڕدارێك بووبە بەدیهێنراوێکی نوێ. باوەڕداری مەسیحی لە پاش باوەڕهێنانی ئیتر بۆ خۆی ناژێت، بەڵکو بۆ عیسای مەسیح دەژێت کە لەپێناویدا مردووە (2کۆرنسۆس5: 15). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا گۆڕاوە. هەروەها، ناڕوانێتە عیسای مەسیح لە تێڕوانینی دونیاییەوە (2کۆرنسۆس5:16). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی بە عیسای مەسیحیشەوە گۆڕاوە. هەروەها، تێڕوانینی باوەڕدار بۆ کەسانی تریش گۆڕاوە (2کۆرنسۆس5: 16) چونکە بەو شێوەیە تەماشایان دەکات کە دەروونێکی بەنرخن و مەسیح لە پێناویاندا مردووە.

**4** ئەو شتانە چین کە بوون بە

بەدیهێنراوی نوێ ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە (هەموو شتێك تازە بووەوە!). لە زمانی یۆنانی ئەم ڕستەیەش بە شێوازی ڕابردووی ئاسان دەوترێت تاکو گوزارشت لەسەر ئەوە بکات کە شتە کۆنەکان تازە بوونەوە و بەو شێوەیەش دەمێننەوە لە ئێستا و لە ئایندەدا. تازەگەری شتە تازەکان لە عیسای مەسیحدا جیاوازە لەو شتە تازانەی کە دەیکڕین و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار جوانی و دڵگیرییەکانیان لەدەست دەدەن. بەدیهێنراوی نوێ بەسەر ناچێت، تێك ناچێت، نافەوتێت (1پەترۆس1: 3-4)، بەڵکو تازە گەرییەکە تاهەتایە بەردەوام دەبێت! ئای ژیانی نوێ لەگەڵ عیسای مەسیحدا چەند خۆشە! چیتر باوەڕدار هەوڵی دەرخکردنی شەریعەت نادات (غەلاتیا 6: 14-15)، بەڵکو بە نیعمەتی خودا دەژێت (یۆحەننا1: 16-17)، هەروەها ژیانێکی لەخواترسیش دەژیت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی تردا و ژیانێکی پیرۆز لە پەیوەندی لەگەڵ خودادا دەژێت (ئەفەسۆس4: 24). هەروەها، .

ژیانی بەپێی پلانی خودا دەگوزەرێنێت و ئاگادارە لە جێبەجێکردنی پلانی خودا لە ڕێگای ئەو کارە چاکانەی کە خودا ڕایسپاردووە ئەنجامی بدات (ئەفەسۆس2: 10).

## پ) دەرخکردن پێداچوونەوە

1. **بنووسە:** ئایەتە کتێبییەکان لەسەر کاغەزێکی نوێ **بنووسە** یان لەناو پەڕاوی تێبینییەکان.
2. **دەرخکردن:** ئایەتە کتێبییەکان بە شێوەیەکی ڕاست دەرخ بکە. مەسیح: (2کۆرنسۆس5: 17).
3. **پێداچوونەوە:** گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی، هەر کەسێك دڵنیا بێت لەوەی هاوڕێکەی ئایەتی دەرخکردووە.

## وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

## جیاوازی خۆشەویستی مەسیحی چییە؟ 1کۆرنسۆس13: 1-13

شێوازی **پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز** بەکار بهێنە بۆ ئەوەی (1کۆرنسۆس13: 1-13) پێکەوە بخوێنین.

هەنگاوی **1** **بخوێنە**

**بخوێنە.** با پێکەوە (1کۆرنسۆس13: 1-13) بخوێنینەوە. با بە ڕیز هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنەوەی برگە کتێبییەکە.

هەنگاوی **2** **بدۆزە**

**بیرکەرەوە:** ئەو ڕاستییە چییە کە پێت وایە گرنگە لەم برگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە کە چووە مێشك و دڵتەوە لەم برگە کتێبییەدا؟

**بنووسە:** یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەوە کە لێیان بگەیت. بیریان لێبکەرەوە و پاشان بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەتدا بنووسە.

**بەشداریکردن:** (پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، بیرۆکەکانتان بەشدار بکەن). بەشداری ئەو شتانە بکەین کە هەریەکێك لە ئێمە دۆزییەوە. (ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە سەبارەت بەو شتانەی کە دۆزیویانەتەوە. لە بیرت بێت لە هەر گروپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەشداری دەکەن، و گرنگ نییە هاوشێوەی یەك بن).

**دۆزینەوەی** 1 ڕاستی پەسەند کراو بەلامەوە ئەو ڕاستییەیە کە لە (1کۆرنسۆس13: 1-13) باس کراوە. لێرەدا پۆڵسی نێردراو خۆشەویستی مەسیحی لەگەڵ حەوت شت بەراورد دەکات کە خەڵکی لە جیهاندا بە ڕێزەوە تەماشای دەکەن (قسەکردن بە زمانەکان، بەهرەیی پێشبینی کردن، ئاشکراکردنی نهێنییەکان، زانستی، باوەڕ، یارمەتیدانی هەژاران، لەگەڵ خۆبەخشین لەپێناو گەشەکردنی پادشایەتی خودا). بەڵام ئەگەر توانای ئەنجامدانی هەموو ئەم شتانەم هەبوو و خۆشەویستیم نەبوو، ئەوە من هیچ نیم! نەشمتوانی هیچ شتێکی بەنرخ ئەنجام بدەم. ئەگەر وتاربێژێکی بەهرەداریش بووم و بە قسەکانم کاریگەریم لەسەر بۆچوونی خەڵکی هەبوو، بەڵام خۆشەویستیم نەبوو، ئەوە ووشەکانم لە کۆتاییدا پووچ و بێ سوود دەبن و جێی باوەڕی هیچ کەس نابن. ئەگەر هەموو پارەکانیشم بەهەژاران بەخشی، بەڵام خۆشەویستیم نەبوو، ئەو هیچم نەکردووە و تەنها ویژدانم خامۆش کردووە، یان هەستەکانم بەرامبەر بە هەژاری و نەهامەتی ئەوان بێهۆش کردووە. هەروەها ئەگەر ببم بە خزمەتکارێکی گەرۆك و فیداکارێکی مەزنم پێشکەش کرد، تا ڕادەی چەوسانەوەوە و شەهید بوونم، بەڵام خۆشەویستیم نەبوو، ئەوکات هیچ سوودێکم نابێت! بەم شێوەیە، ئەگەر خۆشەویستیم نەبێت، هەموو ئەو قوربانییانە نرخی ڕاستەقینەیان نابێت.

**دۆزینەوەی** 2 ڕاستی پەسەند کراو بەلامەوە ئەو ڕاستیەیە کە لە (1کۆرنسۆس13: 1-13) باس کراوە. پۆڵسی نێردراو دەڵێت خۆشەویستی مەزنترین شتە لە ژیانی باوەڕدار. هۆکاریشی ئەوەیە کە تاهەتایە بەردەوام دەبێت. لە ئایەتی 8 دەڵێت: ﴿*خۆشەویستی هەرگیز ناکەوێت*﴾، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو خۆشەویستییە ناوەستێت. ئەو شتانەش کە خەڵکی لە جیهاندا بە گرنگترین سامانی خۆیانی دەزانن، هەمووی دەڕوات. کاتێك پێشبینییەکان تەواو دەبن، هەمووی دەوەستێت. کاتێك ئەرکەکەی تەواو کرد، هیچی نامێنێت تاکو بیلێت. هەروەها زمانەکانی خەڵکی و فریشتەکانیش دەوستن. تەنانەت ئەو زمانەش کە بەشی 13 لە یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆرنسۆس نووسراوە (زمانی یۆنانی)  کە ئێستاکە بەکار ناهێنرێت. هەروەها، زانیاری ڕێز و شکۆمەندی دەبێت بەو ئەندازەیەی کە خەڵکی سالآنێکی زۆر لە ژیانیاندا لە قوتابخانە و کۆلێژەکاندا تەرخان دەکەن تاوەکو لە پێناو وەرگرتنی زانیاری. هەروەها ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن دەبن تاکو زیاتر گەشە بە زانیارییەکانیان بدەن. بەڵام سەرجەم زانیارییەکانی جیهان ڕۆژێك دێت هەمووی دەوەستێت. ڕۆژنامەکانی دوێنێ دەسوتێنرێن، کتێبەکانی زانست کە پێش دە ساڵ چاپ کراون ئێستاکە بەکەڵکی بەکارهێنان نایەن بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە. بۆیە، هەموو زانیارییەك دوای ماوەیەك کۆن دەبێت و کەڵکی بەکارهێنانی نامێنێت. پۆڵسی نێردراو دەیتوانی نموونەی زیاتر بهێنێت. ئەو باسی سەرکەوتنی نەکرد، یان دەسەلآت، یان ناوبانگی. بەڵام بەهەر حاڵ، کاتێك دێت کە هەموو ئەم شتانە تێیدا دەوەستێت و نرخیان نامێنێت. بەڵام مەبەستی پۆڵسی نێردراو ئەوە نییە کە ئەم شتانە هەڵەن، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە بەردەوام نابن. بۆیە، پێویستە دەروونی نەمر شتی نەمرانە پێشکەش بکات. سێ شتی نەمر هەیە کە ئەمانەن: باوەڕ، هیوا، خۆشەویستی. بەڵام خۆشەویستی لە هەمووی مەزنترە چونکە ﴿خودا خۆشەویستییە﴾.

هەنگاوی **3** **هەندێ پرسیار بکە**

**بیرکەرەوە:** ئەو پرسیارە چییە کە دەتەوێت ئاراستەی ئەم گروپەی بکەیت سەبارەت بەم بڕگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستییانە تێبگەین کە لە (1کۆرنسۆس13: 1-13) ئاماژەی پێکراوە و پرسیاری ئەو شتانە بکەین کە هێشتا لێی تێنەگەیشتووینە.

**بنووسە:** هەوڵ بدە بە ڕوونترین شێوە پرسیارەکەت ئامادە بکەیت. پاشان لە پەڕاوەکەت تۆماریان بکە.

**بەشداریکردن:** پاش ئەوەی ئەندامانی گروپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوا بکە لە هەر کەسێك پرسیارێك ئاراستە بکات).

**گفتوگۆبکە:** (دواتر هەندێ لەم پرسیارانە هەڵبژێرە و هەوڵ بدە لە ڕێگای گفتوگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت وەڵامیان بدەیتەوە).

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن دەربارەی چەند پرسیارێك کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت ئاراستەی بکەن و هەندێ تێبینی گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکە دەربارەی پرسیارەکان.

**پرسیاری** **1** (13: 4) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی پشوودرێژییە*﴾؟

**تێبینییەکان:** خۆڕاگری ئەو خۆشەویستییەیە کە ئامادەیە لەسەرخۆ و چاوەڕوان بێت. پۆڵسی نێردراو باسی خۆڕاگری دەکات بەو پێیەی کە بەشی یەکەمی خۆشەویستییە، زۆرجار خۆشەویستی لێرەوە دەستپێدەکات. خۆشەویستی بەزۆر سۆزداری ناسەپێنێت، بەڵکو چاوەڕێ دەکات بۆ ئەوەی سۆزداری پیشان بدات. هەروەها خۆشەویستی ڕوو نانێت بۆ هەڵسووکەوت کردن بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، بەڵکو چاوەڕوانی ڕێنماییەکانی خودا دەکات بۆ پێشاندانی خۆشەویستی. بەم شێوەیە، خۆڕاگری لغاوێکە خودا بەکاری دەهێنێت بۆ گوزارشتکردن لە خۆشەویستییەکەی. خۆڕاگری وا لە باوەڕدار دەکات چاوەڕوانی خودا بکات بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك لە ژیانی خەڵکداو لە ڕارودۆخەکاندا. کاتێکیش خۆڕاگری هانمان دەدات بۆ چاوەڕوان کردن، گوزارشت لە خۆی دەکات لەڕێگای ڕوحە لەسەرخۆ و نیبانەکانمانەوە. باوەڕداری خۆڕاگر هیلاکی و ئازار و لاوازی کەسانی تر قبوولٚ دەکات بەبێ ئەوەی هەست بە سووکایەتی و داڕوخان و تووڕەیی بکات.

**پرسیاری 2** (13: 4) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی نیانییە*﴾؟

**تێبینییەکان:** نیانی خۆشەویستی کارایە. نیانی بەدوای شێوازێکدا دەگەڕێت کە بەسوود بێت و توانای ئەنجامدانی کاری چاکەی بداتێ. کتێبی پیرۆزیش باسی ئەوە دەکات کە عیسای مەسیح لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگەڕا بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە (کردار10: 38). نەخۆشی چاك دەکردەوە و خەڵکی لە ڕوحی درندە ڕزگار دەکرد و مژدەی خۆشی بە هەژارەکان دەدا (مەتتا11: 4-5). بەم شێوەیە، باوەڕداری نیان باوەڕدارێکی خۆشەویست و بەڕەوشت و کەم سکاڵا و کەم ڕەخنەیە. هەرچەندە تۆ ناتوانی ببیتە هاوڕێی هەموو کەسێك، بەڵام دەتوانی لەگەڵ هەموو کەسێك نیان بیت (فیلیپی 4-5). نیانی هانی مرۆڤ دەدات بۆ بەکارهێنانی هەموو ساتێك و هەموو دەرفەتێك بۆ ڕازیکردنی کەسانیتر (بەڵام بێگومان نەك لەسەر ئەستۆی خودا). بۆیە کەسێك فەرمووی: (من تەنها یەك جار ئەم ژیانە دەگوزەرێنم، بۆیە، کار بۆ ئەنجامدانی هەمووچاکەیەك دەکەم، هەروەها پیشاندانی هەموو نیانییێك لەبەرامبەر خەڵك. لەم ساتەشەوە دەستبەکار دەبم لەئەنجامدانی ئەم کارە بەبێ خاوی و دواخستن چونکە من جارێکیتر لەم ژیانەوە تێپەڕ نابم!).

**پرسیاری 3** (13: 4) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی ئرەیی نییە*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی شانازی نەبێت خۆشەویستییەکە ڕازییە بەوەی کە هەیەتی، هەروەها خۆشەویستییەکە کە نافەوتێ سەرباری هەبوونی ململانێ لەنێوان تۆو کەسانی تردا. کاتێك هەوڵ بدەیت کارێکی چاکە بکەیت، تێبینی دەکەیت کەسانێکیتر هەن توانای ئەنجامدانی ئەو کارەیانە لە تۆ باشتر هەیە. ئایا شانازییان پێدەبەیت و بە هیوای ئەوە دەبیت کە ئەو بەهرانەیان لەدەست بدەن تاوەکو تۆ لەوان باشتر بیت؟ بەم شێوەیە، واتای شانازی ئەوەیە کە هیوادار بیت ئەوەی کەسانیتر هەیانە نەمێنێت تاوەکو لەوان باشتر بیت (ئەگەر بەهرە بێت، یان پارە، یان شکۆمەندی، یان پێگەی کۆمەڵایەتی، یان هەر شتێکیتر). بەڵام خۆشەویستی مەسیحی ڕاستەقینە، خۆشەویستییەکە ڕازییە بەوەی هەیەتی و سوپاسی خودا دەکات لەسەر ئەوەی هەیەتی و ئەوەی دەتوانێ ئەنجامی بدات. هەروەها خۆشەویستییەکە ڕێز دەکرێت لەوەی کەسانیتر هەیانە و ئەوەی دەتوانن ئەنجامی بدەن.

**پرسیاری 4** (13: 4) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی شانازی نییە*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی شانازی ناکات خۆشەویستییەکە خۆبەکەمزانە. خۆبەکەمزانیش ئەو خۆشەویستییەیە کە لەپاش ئەنجامدانی کارەکەت دەردەکەوێت. کە پێویستەیە لەپاش دەرخستنی خۆڕاگری و نیانی و دەستکراوەیی. باوەڕداری خۆبەکەمزان بێدەنگی دەپارێزێت و ئەوەی ئەنجامی داوە لەبیری خۆیی دەباتەوە. زێدەڕۆیی ناکات لە مەزنەدەکردنی توانا و کارە ئەنجامدراوەکانی، وێنەیەك لەلای کەسانیتر لەسەر خۆی بەجێناهێڵێت، هەوڵیش نادات بۆ خۆدەرخستن و سەرنج ڕاکێشان بۆ لای خۆی.

**پرسیاری 5** (13: 4) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی لووتبەرزی نییە*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی لووتبەرزی نییە خۆشەویستییەکی خۆبەکەمزانە پێش ئەنجامدانی کارەکەی. ئەو هەنگاوە نانێت بۆ جاڕدان لەسەر لایەنە بەهێزەکانی و شاردنەوەی لایەنە لاوازەکانی. ئەوە خۆشەویستییەکی ڕاستی و لەبەر چاوە دەربارەی ئەوانەی کە ئەنجامی دەدات، هەروەها شانازی بە گرنگی خۆی و سامان و دەستکەوتەکانی. هەروەها خۆی لە کەسانیتر نادۆزێتەوە و لە ئاستی کەسانیتر کەم ناکاتەوە.

**پرسیاری 6** (13: 5) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی بەدڕەوشتی نییە*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی کە بە بەدڕەوشتی هەڵسوکەوت ناکات، خۆشەویستییەکی بەڕەوشتە. لێهاتنی هەڵسوکەوتکردنە بە شێوەیەکی باش لە ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و کارە بچووکەکان، لە سەرجەم ڕێوڕەسمەکان بەبێ جیاوازی. لێهاتنی واتەی ڕەوشتی بەرز دەگەیەنێت، لەگەڵ نیانی و ڕەچاوکردنی هەستەکانی کەسانیتر و نیانی لەگەڵ کەسانی تردا، ناسکی دەربڕینی هەست بەرامبەر بە دابونەریتی کەسانیتر و کلتوریان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان. بەهۆی لێهاتنی دەتوانی تێکەڵی هەموو کۆمەڵگەیەك بیت.

**پرسیاری 7** (13: 5) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی بۆ خۆی داوا ناکات*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی هەوڵ بۆ بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی نادات خۆشەویستییەکی خۆویستی نییە. واتا خۆشەویستی لە پەیڕەوکردنی مافەکان دەگەیەنێت. بۆنموونە ئەگەر کەسی خۆویست نەبێت خۆشەویستییەکەی ناکاتە قوربانیی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی، هەوڵیش نادات بۆ دەستەبەرکردنی شتی مەزن بۆ خۆی، چونکە دەزانێت مەزنی لەناو هیچ شتێکدا نییە. بەڵکو تەنها لە کەسی خودادا هەیە. هەروەها کەسێك خۆویست نەبێت هەوڵی بڵاوکردنەوەی پادشایەتی خودا لە هەموو شوێنێك دەدات، دوور لە هەر ئاواتێکی تایبەتی وەك: پۆست، دەسەڵات، ناوبانگی، پارە، هەموو شتێکی بەچێژ. هەوڵیش نادات بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی، هەوڵی قۆستنەوەی کەسانی تریش نادات بۆ هەر هۆکارێك بێت. خەڵکی لە جیهاندا هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی خۆشی دەدەن بەو بڕوایەی کە خۆشی بەهۆی دەستەبەرکردنی شتەوە دەبێت، هەروەها دەستەبەرکردنی باشترین خزمەتگوزاری. بەڵام لە ڕاستیدا، خۆشەویستی ڕاستەقینە لە بەخشین و خزمەتکردنی کەسانی ترەوە دەبێت. عیسای مەسیح فەرمووی: ﴿*ئەوەی دەیەوێت لەناوتاندا ببێتە گەورە،با ببێتە خزمەتکارتان*﴾ (مەتتا20: 26).

**پرسیاری 8** (13: 5) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی زوو تووڕە نابێت*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی زوو تووڕە نابێت خۆشەویستییەکی نیانە. واتای نیانی خۆشەویستی چەسپاوە ناخ و سروشتی مرۆڤ. هیچ شتێك لە مرۆڤدا ڕووخێنەر نییە وەك سرووشتی تووڕەیی. لەبەر ئەوەی دەتوانێت هەموو پەیوەندییەکی خێزانی و کۆمەڵگا بڕوخێنێت. هەروەها هاوسەرگیری هاوڕێتی لەناو دەبات، واتا مەزنترین هێزی ڕوخێنەرە لە مرۆڤدا. سروشتی تووڕەیی ئەم شتانە لەخۆ دەگرێ (دڕندەیی، لووتبەرزی، خۆپەرستی، کەللەڕەقی، نەبوونی لێخۆشبوون). سروشتیی تووڕەیی زۆر جار ئاماژە بە بوونی کێشەی قووڵتر لە دەروونی مرۆڤدا دەدات. ئەو سروشتە بوونی برینی قووڵ ئاشکرا دەکات. ئەو برینانەش ڕەنگە لەهەر کاتێکدا سەرهەڵدات بەبێ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت. هەروەها دڵێك ئاشکرا دەکات کە بەتەواوەتی نەگۆڕابێت یان بەتەواوەتی گوێڕایەڵی خودا نییە. ناشتوانین سروشت و هەوەسە توندەکانمان بەڕەوشت بکەین بەبێ ئەوەی هەموو بەشێك لە ژیانمان بۆ عیسای مەسیح تەرخان بکەین. ئەو کات، خۆشەویستی لە دڵت هەڵدەقوڵێت و بەتەواوەتی دەروونت پڕ دەکات. لەسەرخۆیی وامان لێدەکات ئازار و ئەشکەنجە قبوڵ بکەین کە ڕەنگە بەهۆی کەسانی ترەوە یان بەهۆی بارودۆخەوە تووشمان بێت. بەم شێوەیە، کەسی لەسەرخۆ زوو دەماری ناگیرێت، بەشێوەیەکی نەرێنیش هەڵسوکەوت ناکات، تەماشای قسەو کرداری کەسانی تریش ناکات وەك هێرشێکی تایبەتی کە ئاراستەی کرابێت.

---

**پرسیاری 9** (13: 5) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی خراپە تۆمار ناکات*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی خراپە بۆ کەس ناسەپێنێت خۆشەویستییەکی لێبوردەییە. خۆشەویستی لێبوردەییش واتای بەردەوامی خۆشەویستی دەگەیەنێت سەرباری پەیوەندییە درزبراوەکان. هەندێك کەس لیستی درێژیان هەیە کە هەموو هەڵەکانی کەسانی تری تێدایە کە دەرهەقیان ئەنجامیان داوە. بۆیە، هەموو کاتێك نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن، داکۆکی لە چاکەی خۆیان دەکەن و هەوڵیش دەدەن بتکەنە لایەنگری خۆیان دژی لایەنی بەرامبەر. ئەوانە کەسانێکن تووشی دەروون تاڵی بوونە. لە (عیبرانییەکان12: 15) دەخوێنینەوە کە ئەو کەسانەی تووشی دەروون تاڵی بوونە دەتوانن ببنە هۆی کێشەیەکی زۆر، هەروەها زیان بە کەسانی تریش دەگەیەنن. ئەوانە گومانیان لە هەموو کەسانی دەوروبەری خۆیان هەیە، دەشکرێت ببنە هۆکاری ڕووخاندنی پەیوەندییەکان و هەروەها تێکدانی بارودۆخ بە دووژمنانی و پڕوپاگەندە و قسە بەدەمەوە کردن. هیچ شتێکیش جگە لە خۆشەویستی خودا توانای چاککردنەوەی ئەو جۆرە کەسانەی نییە. کاتێك مرۆڤ لەوە بگات کە خودا لە هەموو گوناهەکانی خۆشبوو، ئەویش توانای دەبێت لەکەسانیتر خۆشبێت و خراپەکانیان لەیاد نەمێنێت. خۆشەویستی لێبوردەیی دەتوانێت لە خراپە خۆشبێت و لە بیری بکات. هەروەها خاوەنەکەی ئازار و نیگەران ناکات، هەوڵی تۆڵەسەندنەوەیش نادات، بەردەوامیش نابێت لە یادکردنەوەی هەڵەکانی کەسانیتر.

**پرسیاری** 10 (13: 6) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی بە خراپە دڵخۆش نابێت، بەڵکو بە ڕاستی دڵشاد دەبێت*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی بە خراپە دڵخۆش نابێت، بەڵکو بە ڕاستی دڵشاد دەبێت دڵسۆزییە. دڵسۆزی بەردەوامی خۆشەویستییە لەنێوان لاوازی و شکستەکاندا. دڵسۆزی دان بەوە دەنێت کە دەکرێت هەرچ کەسێك توشی لاوازی بێت و هەندێك جار تووشی شکست هێنان بێت. خۆشەویستی دڵسۆزی چێژ وەرناگرێت بە کەوتنی کەسانیتر بەهەڵەوە یان بەشکستهێنانیان، بەڵکو شاد دەبێت کاتێك کەسانیتر لە ڕاستی و چاکە پێشکەوتوو دەبن.

**پرسیاری** 11 (13: 7) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی بەرگەی هەموو شتێك دەگرێت*﴾؟

**تێبینییەکان:** خۆشەویستی داپۆشینی ئەو خۆشەویستییەیە کە هەوڵ بۆ پاراستنی ئەو کەسانە دەکات کە توانای پاراستنی خۆیانیان نییە. ئەو خۆشەویستییە هەموو شتێك مایەی هەڕەشە بن لێیانی دوور دەکاتەوە، هەموو لایەنە نەرێنییەکانیان دەشارێتەوە و ناوبانگیان لە هەموو دووژمنانی و قسە هێنان و بردنێك دەپارێزێت.

**پرسیاری** 12 (13: 7) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی باوەڕ بە هەموو شتێك دەکات*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی باوەڕ بە هەموو شتێك دەکات خۆشەویستییەکە بۆ ئەو کەسانەیە کە ڕاستگۆییان نییە. ئەو کەسانەی کە کاریگەرییان لەسەرت هەیە ئەوانەن کە باوەڕیان پێت هەیە. لە ڕۆشنایی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و خراپە لە جیهاندا، خەڵکەکە وایان لێهات - بە بێ مەبەست هەندێك جار- هەست دەکەن کە ئامانج و خواستەکانیان خراپن. بەڵام خۆشەویستی بە شێوەیەکی ئەرێنی بیر لە خەڵکی دەکاتەوە بە بێ گومانکردن لە خواست و مەبەست و کردەوەکانیان ئەگەر هۆکارێکی بەهێز بۆ ئەو مەبەستە نەبێت. هەروەها ئەو خۆشەویستییەی باوەڕ بە هەموو شتێك دەکات وا لەخاوەنەکەی دەکات متمانەی بە کەسانیتر هەبێت لەبارەی بیرۆکەو هەست و کێشەو لاوازییەکانی خۆی. هەرچەندە ڕەنگە ئەم زانیاریانەیان بە خراپی بەکار بهێنن، بەڵام تۆ متمانەت پێیان هەیە چونکە خۆشیانت دەوێت.

**پرسیاری** 13 (13: 7) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی هیوا بە هەموو شتێك دەخوازێت*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی پڕ لە هیوایە خۆشەویستییەکە لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کە هەمیشە خۆیان بە ڕاستوودروست دەبینن. ئەو کەسەی هەست بکات هەمیشە ڕاستوودروستە، پێی وایە هەمیشە لەسەر ڕاستییە و خەڵکیتر هەڵەن. ئەو زۆر بەئاسانی فەرمان لەسەر هەمووان دەدات کە ئەوان لەسەر هەڵەن و ناکرێ ڕاست بن. بەڵام ئەو خۆشەویستییەی پڕ لە تکایە تەماشای ئەم کەسە ناکات وەك ئەوەی نائومێدی لەسەرە، بەڵکو پێشبینی دەکات خودا لە ژیانیدا کار بکات و بیگۆڕێت. هەروەها ئەو خۆشەویستییەی پڕ لە هیوایە تەماشای ڕووداوە سەختەکان بە نائومێدی ناکات، بەڵکو پێشبینی دەکات خودا بیکۆڕێتە چاکە و لە بەرژەوەندیمانبێت.

**پرسیاری** 14 (13: 7) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی بۆ هەموو شتێك ئارام دەگرێت*﴾؟

**تێبینییەکان:** خۆشەویستی بۆ هەموو شتێك ئارام دەگرێت ئەوەیە کە بەدرێژایی کات بەردەوام دەبێت. هەروەها لە تێڕوانینی خودا بەردەوام دەبێت لەسەر کاری چاکە. خۆشەویستییەکی بچڕ نییە و لەرینەوەیش نییە، بەڵکو هێزی سەرەکی باوەڕداری مەسیحییە لە هەموو ڕۆژێکی ژیانیدا.

**پرسیاری** 15 (13: 8) مەبەست چییە لەوەی ﴿*خۆشەویستی هەرگیز ناکەوێت*﴾؟

**تێبینییەکان:** ئەو خۆشەویستییەی کە هەرگیز ناکەوێت نایابترین خۆشەویستییە. خۆشەویستی ڕاستەقینە تاهەتایە بەردەوام دەبێت، هەمیشەیش کراوەیە و بەردەوام دەبێت لە کاریگەری کردن لە خاوەنەکەی و تێرکردنی لە ناخدا. ئەو خۆشەویستییە تاهەتایە شکست ناهێنێت چونکە خودا خۆشەویستییە!

هەنگاوی 4 : **ئەنجام بدە**

**بیربکەرەوە:** کام لەو ڕاستییانەی کە لە کتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەکو کارێکی ڕەفتاری باوەڕداران؟

**بەشداریکردن:** وەرن با پێکەوە ئەو جێبەجێکردنانە بنووسین کە دەتوانین لە (1کۆرنسۆس13: 1-13) دەریبهێنین؟

**بیربکەرەوە:** ئەو جێبەجێکردنە پێشنیار کراوە چییە کە خودا لێتی داوا دەکات بیگۆڕیتە بە ڕێکخستنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم جێبەجێکردنە کەسییە لە پەڕاوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداریکردنی جێبەجێکردنە کەسییەکەت کە خودا لە دڵتی داناوە. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك ڕاستی جیاواز ڕێکدەخەن: یان لە خودی ڕاستییەکە جێبەجێکردنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەکە بە جێبەجێکردنە پێشنیارە کراوەکان).

نموونەی جێبەجێکردنی پێشنیارە کراوەکان.

| | |
|---|---|
| 13: 1-3 | کار بکە بۆ ئەوەی خۆشەویستی دەوری هەبێت لە قسەکانت و لە بەخشینەکانت و لە قوربانییەکانت. |
| 13: 4 | لەگەڵ هاوسەری ژیانت و منداڵەکانت خۆڕاگر بە. سەختی و ئازار لەخۆ بگرە بەبێ ئەوەی تورەبیت. |
| 13: 4 | بەسۆز بە. لەسەرخۆ بە لەگەڵ هەموو کەسێك ڕووبەڕووت دەبێتەوە، بەدوای شێوازێك بگەڕێ بۆ یارمەتیدانیان. |
| 13: 4 | دەستکراوەبە. ڕێزی سامانی کەسانیتر و دەستکەوتەکانیان بگرە. |
| 13: 4 | خۆبەکەمزان بە سەبارەت بە پێگە و دەستکەوتەکانت. |
| 13: 4 | خۆبەکەمزان بە. بە لووتبەرزییەوە، تەماشای خەڵکی مەکە. |
| 13: 5 | لێهات بە. لە هەموو ڕووداوێك بە لێهاتویی و بە ڕەوشتییەوە هەڵسوکەوت بکە. |
| 13: 5 | خۆویست مەبە. بەدوای ئاواتە خۆویستییەکاندا ڕا مەکە، بەڵکو کار بۆ بڵاوکردنەوەی پادشایەتی خودا لە کەسانیتردا بکە. |
| 13: 5 | لەسەرخۆ بە. خۆت لە سروشتە توندەکان ڕزگار بکە و تەماشای قسەو کردەوەکانی کەسانیتر مەکە وەك خراپەی تایبەتی. |
| 13: 5 | ببورە لەو کەسانەی خراپەیان بەرامبەرت کردووە وەکو خودا لێبووردنی خودا بەرامبەرت. |
| 13: 6 | دڵسۆز بە. لە شکستی خەڵك چێژ وەرمەگرە، بەڵکو دڵخۆش بە کاتێك سەرکەوتنێك ئەنجام دەکەن. |
| 13: 7 | ناوبانگی خەڵکی بپارێزە لە ڕێگای دوورکەوتنەوە لە دووژمانی. |
| 13: 7 | بە گومان مەبە. ڕێگا بەخۆت مەدە گومانت لە خواست و کردەوەکانی کەسانیتر هەبێت بەبێ هۆکاری دروست. |
| 13: 7 | با هیوات هەبێت. تەماشای هیچ کەسێك مەکە بەو پێیەی کە نائومێدیی لەسەرە، بەڵکو پێشبینی بکە تاوەکو خودا پلانەکەی تەواو بکات سەرباری کۆسپەکانت. |
| 13: 7 | هیلاکییەکان لەخۆ بگرە، ڕامەوەستە لە ئەنجامدانی هەر کارێك کە لە تێڕوانینی خودا دروستە. |
| 13: 8-13 | خۆشەویستی خودا و کەسانیتر بکە بە گرنگترین ئامانج لە ژیانتدا. |

نموونەی جێبەجێکردنی کەسی

ئـ) تورە دەبم کاتێك منداڵەکانم دوا دەکەون لەئەنجامدانی ئەوەی داوایان لێدەکەم. بۆیە، پێویستە خۆم ڕابێنم لەسەر ئەوەی کە زیاتر لەگەڵیاندا خۆڕاگر و بەسۆز بم.

ب) تێبینیم کرد هەندێك جار گومان لە مەبەستەکانی هەندێك کەس دەکەم. بەڵام کاتێك خۆشەویستی گومانی خراپەی لێناکرێت، دەمەوێ ڕابێم لەسەر بیرکردنەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی و ووشەو کردەوەکانی بەمەبەستێکی چاکەوە لەیەکی بدەمەوە.

هەنگاوی 5 نوێژ بکە.

با بە نۆرە نوێژ بەرزبکەینەوە بۆ خودا، هەر کەسێك بۆ ڕاستییەك نوێژ بکات کە خودا لە ڕێگای (1کۆرنسۆس13: 1-13) فێرمانی کرد.

(لە نوێژەکەت لەگەڵ ئەو شتە وەڵامدانەوەت هەبێت کە لە وانەی ئەم پەرتووکە فێری بوویت. مەشق بکەن لەسەر نوێژی کورت کە لە ڕستەیەك یان دوو ڕستە پێکبێت. لە بیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك دەتوانن بۆ شتی جیاواز نوێژ بکەن)

**نوێژ**

لە گروپی دووانی یان سیانیی، نوێژ بەرز بکەنەوە لە پیناوی یەکتری و هەموو جیهان.

## ئەرکی ماڵی

## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە کە قوتابێتی بە کەسانێتر بکەیت بۆ عیسای مەسیح.

**خەڵوەتی ڕوحی:** هەموو ڕۆژێك کاتێکی بەسەر بەرە لە خەڵوەتی ڕوحی. ڕۆژانە نیو بەش لە (کردار1: 1- 3: 10) بخوێنە. شێوازی ڕاستی پەسەند کراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**دەرخکردن:** مەسیح: (2کۆرنسۆس5: 17). هەموو ڕۆژێك پێداچوونەوەیەك بکە لەو ئایەتە کتێبییانەی دەرخت کردووە.

**نوێژ:** ئەم هەفتەیە سەبارەت بە شتێك یان کەسێکی دیاریکراو نوێژ بکە، چاوەڕوانبە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان بنووسەوە لە پەڕاوی** تایبەت بە قوتابێتی. ئەو تێبینییانەت بنووسە کە پەیوەندی هەیە بە خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، خوێندنەوەی کتێبی، ئەم ئەرکە ماڵییە.